# کابینەی نوێ لە ئێران؛ کۆکردنەوەی هێز لە دەستی بناژۆخوازان

04-09-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

کاردۆ بینەر|

پەرلەمانی ئێران لە ڕۆژانی رابردوودا تەنیا متمانەی بە بەربژێری وەزارەتی پەروەردە نەبەخشی، ئەمەش بە واتای قبوولکردنی ۱۸ وەزیری بەربژێرکراوی دیکەی ئیبراهیم رەئیسی سەرۆککۆماری نوێی وڵاتی ئێرانە. وەزیرەکان بە فەرمی دەست بە کار بوون و ئەمەش بە مانای کۆتاییهاتنی چالاکیی ۸ ساڵەی حکومەتی حەسەن ڕۆحانییە. بەڵام ئەمە تەنیا کۆتاییەک بۆ دەوڵەتی میانەڕۆی ڕۆحانی نییە! بەگوێرەی ئاڵوگۆڕی پلە و پۆستە هەڵبژێردراو و دەستنیشانکراوەکان، و دەستبەسەرداگرتنی سێ هێزی سەرەکیی دەسەڵات، بە کردەوە ئەمە سەرەتایەکە بۆ دەستپێکی یەکپارچەکردنی دەسەڵات لە ژێر رکێفی بناژۆخوازانی ئێراندا. دیاردەیەک کە دەتوانرێت وەک کۆتایی سەردەمی ڕێفۆرمخوازیی کلاسیک شی بکرێتەوە.

پێشینەی یەکدەستبوونی هێزی بناژۆخوازان

ئەمە یەکەمجار نییە کە لە ئێراندا هێز بە تەواوەتی دەکەوێتە دەستی بناژۆخوازان. ئەوان پێشتر لە ساڵی ۲۰۰۲شدا توانیان هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی ئیسلامیی شار و گوند، لە زۆربەی وڵات، بەتایبەت لە تاران بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و، کەسایەتییەکی کەمتر ناسراو بە ناوی" مەحموود ئەحمەدی نژاد" وەک سەرۆکی شارەوانی تاران دەستنیشان بکەن. ساڵی دواتر (۲۰۰۳) لە سێبەری رەتکردنەوەی شایستەیی بەربژێرە ڕیفۆرمخوازەکان بە شێوازی بەربڵاو، توانیان لە خولی ۷ی مەجلیسی شەورای ئیسلامیدا (پەرلەمان) ببنە زۆرینە و لە کۆتاییدا لە بەهاری ۲۰۰۵دا، لە سێهەمین هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەک، ئەمجار بە بەربژێرکردنی مەحموود ئەحمەدینژاد، کورسیی سەرۆکایەتیی کۆماریان بە دەستهێنا. بە لە بەرچاو گرتنی سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا هاشیمی شاهروودی (۱۹۹۹-۲۰۰۹) و دواتر ئایەتوڵڵا ئامولی لاریجانی (۲۰۰۹-۲۰۱۸) بە سەر دەزگای دادی ئێراندا، دەتوانرێت بگوترێت کە لەو ماوەیەدا هەموو بنکەکانی هێز لە دەستی بناژۆخوزاندا بوو.

چۆنییەتی دەستبەسەرداگرتنەوەی هێز لە لایەن بناژۆخوازانەوە

لە خولی نوێشدا، بناژۆخوازان جارێکی دی بە پەیڕەوکردنی ئەزموونی پێشووتر لە دەستەبەرکردنی هێزی یەکدەست و رەها، سەرکەوتوو بوون. کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم سەرکەوتنە لە دەستی ئەنجوومەنی پاراستنی یاسادا بوو کە لە سێ هەڵبژاردنی یەک بە دوای یەکدا، بە لێشاو شایستەیی زۆربەی بەربژێرە ریفۆرمخوازەکان و تەنانەت بناژۆخوازانی رەخنەگریشی رەتکردەوە، تاکوو بناژۆخوازانی نێو مەیدانەکە، بە ئاشکرا هیچ بەرامبەر و بەرهەڵستکارێکیان نەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەم دۆخەدا، گەمارۆکانی ئەمریکا و زیادکردنی گوشاری ئابووری و ژیانی رۆژانە بۆ خەڵک و هەندێ پەرچەکرداری توندوتیژانەی دەسەڵات بەرمبەر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی خەڵکی، بوو بە هۆکاری بەشدارینەکردنی کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکانی خاوەن دەنگ لەو سێ هەڵبژاردنەدا.

بەم جۆرە بناژۆخوازان سەرەتای ساڵی ۲۰۲۰ لە هەڵبژاردنی یازدەیەمی پەرلەماندا، توانیان زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمان بە دەست بێنن و سەرۆکی پێشووی شارەوانی تاران، کە دۆڕاوی چەندین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار بوو، وەک سەرۆکی پەرلەمان دیاری بکەن. دواتر لە دوو هەڵبژاردنی هاوکاتی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی ئیسلامی شار و گونددا، کە بەهاری ۲۰۲۱ بەڕێوە چوو، بە ئاسانی سەر کەوتن.

هاوتەریبی ئەم ئاڵوگۆڕانە، ڕێبەری ئێران، حوجەتولئیسلام موحسینی ئێژەیی، کە کەسایەتییەکی توندی بناژۆخوازە، وەک جێگرەوەی ئیبراهیم رەئیسی بۆ سەرۆکایەتیی دەزگای دادوەری ئێران دەستنیشان کرد تا بەشێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی، دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی سێکوچکەی هێز لە دەستی بناژۆخوازاندا بێت.

بارودۆخی رەوتە سیاسییەکان لە دەوڵەتی رەئیسیدا

ئیبراهیم رەئیسی، کە خۆی بناژۆخوازێکی کۆنە، وێڕای بەڵێنی پێکهێنانی کابینەیەکی فرە کۆتلەیی و بیرۆکرات، بە کردەوە کۆی وەزیرەکانی لە نێو بناژۆخوازاندا هەڵبژارد. لە ئەنجوومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئەودا، یەک کەسی ڕێفۆرمخواز و تەنانەت میانەڕۆش بە دیناکرێت. رەئیسی هەندێک لە نوێنەرانی رەوتی بناژۆخوازیی کە بە رواڵەت لە هەڵبژاردندا بەرهەڵستکاری بوون، وەک ئەندامانی کابینەی دەوڵەت دەستنیشانکردووە. لەو کەسانە، "سەید عیزەتوڵڵا زەرغامی" وەک وەزیری میراتی کولتووری و گەشتیاری هەڵبژارد، بە دەرکردنی فەرمانێک "موحسین رەزایی" وەک جێگری سەرۆککۆمار بۆ کاروباری ئابووری دەستنیشانکرد. هەروەها راستەوخۆ پشتگیری لە "عەلیڕەزا زاکانی" بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیی پایتەخت کرد و چاوەڕێ دەکرێت بەمزووانەش " ئەمیرحوسەین قازیزادەهاشمی" لە گەڵ

“سەعید جەلیلی” کە لە گەڵ رەئیسی‌دا بەربژێری بناژۆخوازی کورسیی سەرۆککۆماری بوون، ببنە خاوەن دوو پۆستی سەرەکی. لە کاتێکدا کە “موحسین میهرعەلیزادە” و “بیهرۆز هیمەتی” دوو بەرهەڵستکاری ریفۆرمخوازی ئەو، هێچ بەشێکیان لەم پۆستە نوێیانەدا نییە!

لە ئاکامدا و بە گوێڕەی رووداەکان، دەتوانرێت بگوترێت: کۆی ئاڵوگۆڕەکانی ٢ ساڵی رابردوو لە پانتایی سیاسیی ئێراندا، باس لە ئیرادەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پێکهێنانی حاکیمیەتی رەهای بناژۆخوازان بە سەر سەرجەم دەزگا و رێکخراوەکانی وڵاتدا دەکات. ویستێک کە تەنانەت بوو بەهۆی پەسندنەکردنی شیاویەتیی “عەلی لاریجانی” لە بناژۆخوازانی میانڕەو و “ئیسحاق جەهانگیری” جێگری ریفۆرمخوازی حەسەن رۆحانی لە لایەن ئەنجوومەنی پاراستنی یاسا، لە ململانێکانی سێزدەهەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماردا.